## ڕەهەندەکانی دەسەڵات

## و

## کۆیلەکردنی ژنانی بەهێزی لاواز

کازیوە سالح

مرۆڤـی کـوردەواری وێـڕای ملمـلانێ و کێشـە گـەورەو بنەڕەتـیەکانی خـۆی، بـەردەوام ڕووبـەڕووی سـەدان فاکـتەری خـۆ بەکـەم زانـین و کێشەی ئاڵۆزو دیاردەی نەشیاوی تر بوەتەوە، کە بـوە بـە هـۆی فەراهەم هێنانی (سەید) و کۆیلە، هەروەها بووە بە هۆی چەق بەستن و نەگۆڕانی باری کۆمەڵگەی کـوردی کـە پـڕ بەهاتـرین فاکـتەری گۆڕانـیش دەسەڵاتە، ئەو پرۆسەیەی کە هەرگیز کۆیلە نەیتوانـیوە لـە بەردەمـی سـەیدەکەیدا گوزارشـتی لـێ بکـات، چـونکە دەسـەڵات وەکـو سـتراتیژیەکی بەرگری لـە ئیرادەی سیاسیەوە وێنادەکرێ، ئەقڵیەتی سیاسی چەقبەستوو و نەگۆڕیش وەکو کۆیلەو ژێردەست فەرمان بەسەر تاکەکاندا دەکات. بە تایبەت ئەگەر دەسەڵاتە کە دەسەڵاتێکی کلاسیکی بوو، هـەروەها ڕێچکەیەکی دوور بگرێت بەرامبەر بەو دەسەڵاتەی "میشل فۆکۆ" باسی دەکات و پێی وایـە دەسـەڵات و ئەبستمۆلوژیا ڕاستەخۆ پەیوەستن بە یەکەوە، هیچ پەیوەندی یەکی دەسەڵاتداریش بـەبی خانـەی ئەبسـتمۆلۆژیا کامـڵ نابێت، ئەبستمۆلوژیاش نییە بەبی ئیلتیزام و لە هەمان کاتدا بەبێ پەیوەندی دەسـەڵاتداری، هـەر بـۆیە پەیـوەندی (دەسـەڵات- ئەبسـتمۆلوژیا) بابـەتی شـیتەڵکردن نیـیە لـەوەی کـە هـەڵگرانی ئـەو مەعریفەیە لەمەڕ سستمی دەسەڵاتدار ئازادبن یانا، بەڵکو پێویستە سەیری پێچـەوانەی ئـەوە بکـەین، چـونکە ئـەوەی دەزانـرێت و ئـەو بابەتانەش کە پێویستە بزانرێن و هـەموو شـێوەکانی مەعـریفەش، هەمـوویان دەرئەنجامـی ئـەو دەرهـاویشتەو بنەمایەی دەسەڵات و مەعریفەو گـۆڕانە مێژوویـیەکان و بـنەماو ئـەو ململانێـیانەی لێـی پـێکهاتوون، بـە هەمووشـیان شـێوەکانی مەعریفەو بوارەکانی دەستنیشان دەکەن.

ئاشـکرایە نکـولی لـە کاریگـەری سیسـتمی دەسـەڵات و دامـودەزگاو ئاکارەکـانی دەسـەڵات ناکـری بەســەر بــوارە ژیــاری و پەرەســەندنە کــۆمەڵایەتی و فەرهەنگــی و ئابــووری و سیاســی و ڕووناکبیریەکانــیدا کــە دەســەڵاتی هــەر وڵا تێکــیش لــە ڕوانگــەی ئایــدیاو فەلســەفەو سســتمە حوکمـڕانییەکەیەوە لـە فاکـتەرەکانی گەشـەکردنی ژیـاری و ژیـانی خـەڵک دەکۆڵـنەوەو کاریگـەری

لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەل بە گشتی و ژنیش بە تایبەتی دادەنێن، چونکە هەڵسەنگاندنی دۆخی ژن و تێڕوانینیش لە بەرامبەری، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕی، بە پێی جۆری دەسەڵاتەکانی سەردەمیش گۆڕان و بەرزو نزمی لە دەسەلاتی ژندا ڕوویداوە، بە تایبەت پاش باڵادەستی ئاین و مەزهەب و سستمی زاڵی باوک سالاری زیاتر بارودۆخی ژن چۆتە چوارچێوەی سەیدو کۆیلەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زۆرینەی بەهاکانەکانیان لە دەسەڵاتی ئاینەوە وەردەگرن واتە وەکو(سیمون دی بوڤوار) ئاماژەی بۆ کردووە، پیاو پلەو پایەیەکی گەورەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، ئەویش بەوەی خواوەندێکی هەیە، ئەو یاسایانەی ئەم دایدەڕێژی ئەو پەسەندی دەکات، چونکە پیاو دەسەڵاتی بەسەر ژندا هەیەو لە بەرژەوەندیشدایە ئەو دەسەڵاتەشی لە خواوەندەوە وەرگرتبێت چونکە لە لای جولەکەو ئیسلامییەکان و مەسیحییەکان و ئەوانی دیش، بە پێی مافی خواوەند پیاو گەورەو سەردارە، بەم پێیەش هەر ئارەزوویەکی یاخیبوون لە لای ژنانی چەوساوە بەدیبکرێت، ترس لە خواوەند کپی دەکاتەوە، چونکە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی سەیدو کۆیلە دامەزراوەو کۆیلەش هەمیشە لە غیابی هۆشدایەو ترسی لەناوچوون و ئازارو بێدەنگی بەبەر بڕیوە.

هەڵبەت زۆر کەس پێی وایە ڕۆشنبیری کلاسیکی یۆنان کۆنترین وگەورەترین ڕۆشنبیرییە، ئەمە لە کاتێکدا بیست و پێنج سەدە بەر لەو مێژووە زمانی نووسین دۆزراوەتەوە کە ئاماژەیە بە مەعریفە، کەچی هەمیشە وا باس دەکرێت کە سەردەمی دەسەڵاتی ژن و پەرستنی خواوەندە مێینەکان، سەردەمی نەزانین و تاریکی و شەیتان پەرستی بووە، بەلام وەکو (شیلدا کۆینر) دەڵی، ئێمەی ژن هیوامان بە ئێستاو ئایندە هەیە، نەک بە ڕووداوێکی لیسولۆژی، نامەوێ لەسەر لیسولوژیا خەونی گەورە بنیات بنێین کە لە واقعی ئەم سەردەمە دەرمانبکات، بەلام ئێمە باس لە دەسەلات دەکەین پۆزەتیڤیەتی دەسەڵاتیش لەوەدایە کە هەبێت، بمێنێتەوەو سەربکەوێت. زانستی ڕامیاریش زانستی ئەو ڕێسا بابەتیانەیە کە گرنتی مانەوەی دەدەن، بۆیە چاکتر وایە بە دەروازەی سەرەتاکانی دەسەلاتی ژندا گوزەر بکەین و لە درەختی هەر سەردەمێک گەلایەک لێبکەینەوە، بە تایبەت کە بە پێی سەلماندنە ئەرکۆلوژیەکان هەموو جۆرەکانی هونەرو زانست و کۆنترین دەرمانسازی و یاساو پزیشکی و بیناسازی و کشتوکال و سیرامیک و نووسین کە سەرچاوەیان گرتووەو پێشکەوتوون لەو کۆمەڵگایانەدا بوون کە ژنیان دەپەرست و ژن تێیدا باڵادەست بووە.

ئێمە ناتوانین ئەوە لە یاد بکەین کە ژن نەک هەر دەسەڵاتدار بووە وەکو حوکمڕانی کردن و بەڕێوەبردن، بەڵکو خواوەندێکی وەکو "ئەشتار" کە وەکو خواوەندی ئاسمان و دایکی پیرۆزو مەزن و گەورەی هەموو ڕەگەزەکان پەرستراوەو لە شاری (نەمرود)دا بووە کە پەرستگای ئەشتاری تێدا بووە، لەو شارەدا ژنان وەکو ڕاوێژکارو دادوەر لە دادگاکاندا کاریانکردووە، یان هەردوو خواوەندی مێینە (حاتورو ئینریس) کە لە ئەفسانەکاندا بە داهێنەری کشتوکاڵی دادەنرێت، هەروەها (سەردونی کەلتی) بە خواوەندی مەعریفە ناسراو بوو، تەنانەت هێندە جەخت لەسەر مێیەتی ئەو کەناڵە مەعریفیە کراوە، لەگەل مریەمی پاکیزەشدا هەمان شت ڕویداوە کە خێرو خۆشی و زەردەخەنەی لێدەباری. هەروەکو دەگێڕنەوە کە قەشە یوحنای دەمزێڕین بە منداڵی لە خوێندندا زیرک نەبووەو دواکەوتووە، ڕۆژێک بۆ نوێژ کردن لە بەردەم پەیکەری پاکیزەدا وەستا، هەستی کرد پەیکەرەکە ڕۆحی هاتەوە بەرو کەوتە دواندنی، وتی: "یوحەننا مەترسە وەرە لێوم ماچ بکە، مەعریفەت بەسەردا دەڕژی".

یوحەننای منداڵ بە ترسەوە لێوی ماچ دەکاو بەو شێوەیە بووە بە ڕۆحێکی پڕ لە مەعریفەو حیکمەت و هەموو جۆرە هونەرەکان، لەو سەردەمەدا ژن هەر بە چەمکی مەعریفی نەناسرابوو، (دیمتری) خواوەندی ئەغریق بە بەخشێنەری هەق ویاسا ناسرابوو، ئەم شێوازی دەسەڵاتە سەرەتای دەسەڵاتی ژن بووە، کەواتە ئەو دەسەڵاتەش خواوەندە نێرینەکان بەدەستیان هێناوە، لە بنەمادا لە خواوەندە مێینەکانیان وەرگرتووەو دەسەڵاتی یەکەم دەسەڵاتی مێینە بووە. لە هەندێ کۆمەڵگادا تەواوی دەسەڵات بە دەستی ژن بووەو ئەوان فەرمانڕەواییان کردووەو جەنگیان بەڕێوە بردووەو لەگەل ناوچە دژەکان جەنگیون و پیاویش ئیشوکاری ناوماڵی کردووەو خۆی ڕازاندۆتەوەو منالی بەخێو کردووەو هەوڵی داوە سەرنجی مێینە بەلای خۆیدا ڕاکێشی. لە زۆر جێگای دیکە، پەیکەرو پەرستگای خواوەندە مێینەکان دۆزراونەتەوە، سەلماندوویانە کە لەو کۆمەڵگایانەدا ڕۆڵی ژن بالاتر بوون و ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر خێزان هەبووەو ئەوان دەسەڵاتدار بوون و سستمی خزماتیەتی دەگەڕایەوە بۆ دەسەلاتی دایک، نموونەی ئەم کۆمەڵگانەش لە میسرو بابل و سۆمەرو گریک و ئیلام و.. تاد بوون، تا ئەو ڕادەیەی پەرستنی خواوەندی دایک، ڕێگای بۆ ژن خۆشدەکرد بەشداری بکات لە حوکمڕانی کردندا بە هۆی ئەو کاریگەرییە ئەفسوناوییەی کە لە هاتنی خێرو بەرەکەتدا بە ژن ڕەوا دەبینرا، بە نمونەش کیلۆباتر تەمەنی هەژدە سالیدا بوو کە حوکمڕانی دەکرد، هەر کاریگەری گریکەکان کە هەتا ئەم چەرخەش لە دورگەی (سکار بەنتو) کە دەکەوێتە نێوان گریک و روسەوە مێینە دەسەلاتی میراتگەری هەیەو کچی پاکیزە میراتگری پیاوە، کاتێک بەهار دێت پیاوان دورگەکە بەجێدەهێڵن، بۆ ئەوەی ژنان فەرمانڕەوای دورگەکەو کارە کشتوکاڵیەکان بکەن و تا زستان ناگەڕێنەوە، ئەم دابونەریتە ڕاستە زۆر کۆنەو لە ناویاندا ماوەتەوە، بەلام ئەمە بنەمای خێزان و دەسەلاتمان بۆ دەردەخات کە تەنها ژن بە سیفەتی ئەوەی ئافەریدەیەکی بەرهەمهێنەرە، دەتوانێت بچێتە پرۆسەی خەڵقکردنەوە، ئازادیش بووە لەوەی ئەو دەسەلاتە بدات بە پیاو یا نەیداتی.

درێژی تەمەنی ئەم ڕەوتەش هەتا چاخەکانی (10–13) هەر بەردەوام بووە، لە ئەوروپا ژن دەسەلاتی بەرگری لە موڵکەکانی و لە میراتگری وەکو پیاو هەبوو، لە کلێسادا وەکو پیاو خوێندویتی و ئامادەی هەموو کۆڕو کۆبوونەوە کۆمەلایەتیەکان بووە، بەلام لەگەل دەرکەوتنی چاخی (14)دا لە دەرئەنجامی ململانێی نێوان کلێساو حاکمەکان ئەو دەسەلاتەی ژن ڕووبەڕووی هەرەسهێنان بووەوە، ململانێی مەزهەب و کلێسا فاکتەری ڕوونی لە دەستدانی دەسەلاتی ژن بوو، گەرچی مەسیح تێڕوانینی جیاوازی هەبوو، لە وتەیەکیشدا دەڵێ ئەو هەستە خۆشەویستیەی بەرامبەر بە گیرۆدە بووانی نەخۆشی ئاولە هەیە، بەرامبەر بە ژنیش هەیەو ژنیش دەگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی مەسیح لە زۆربەی گەشتەکانیدا جگە لە یاوەرانی خۆی چەند ژنێکیشی لەگەل دەبوون، لە قسەو تەگبیرکردندا لەگەل مەسیح بەشدار دەبوون و دەسەلاتی ڕاوێژیان هەبووەو تەنانەت لە ڕۆژی لە خاچدانیشیدا جگە لە یوحەننا هەموو هاوەڵ و یاوەرانی بەجێیان هێشتن بەلام ژنەکان هەتا دوا چرکەی لە خاچدان و مردنی بە دیارییەوە مانەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەر چوار ئینجیلەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەو ژنانە گەواهیدەری یەکەمین قیامەتن، بەلام ئاین پارێزە فەلەکان هەتا سەدەی بیستەمیش گەروەترین پڕوپاگەندەیان دژی ژن هێنایە ئاراوە، کاریگەری تەواویشیان لەسەر گۆڕانی ژیانی ژن بۆ ژیانێکی ژێردەستەو ژیانی سەرجەم کۆمەڵگا هەبوو، هەڵگرانی ئەم دژە پەیامەش زیاتر قەشەکان بوون و لە هەمووشیان زیاتر قەشە (پۆلس)ە کە هەرگیز نەیتوانیوە کە

دیدێکی یەکسانی خوازانەی بەرامبەر بە دەسەڵاتی تاک هەبێت، بە شێوەیەک چەندین بەندو نامەی نەشیاوی دژ بە مافی ژنی دەناردە ناو خەڵکەوە، یەکێکیشیان کە کاریگەریەکی وای بەجێهێشتبوو هەمیشە لەسەر زمان بوو، ئەوەیە کە دەڵی "ئێوەی ژنان وەکو ملکەچیتان بۆ خودا، ملکەچی پیاوەکانتان بن، چونکە هەروەکو چۆن مەسیح سەری کڵێسایە، ئەوا پیاویش سەری ژنەو دڵسۆزە بۆ جەستەی، بۆیە پێویستە چۆن کڵێسا ملکەچە بۆ مەسیح ژنانیش ملکەچ بن بۆ پیاوەکانیان" ئەمە جگە لە سەدان بەندو نامەو وتەی دژی تر کە زیاتر لەژێر کاریگەری چیرۆکی خەلیقەدا گەڵاڵە ببوون، بەو باوەڕەی کە وێنەی خودا تەنها لە پیاودا بەرجەستە دەبێت، ئەویش (ئادەم)ە، لەسەر ئەو بنەمایە گوایە لەسەر وێنەی خوا خەڵق کراوە. خودا دەسەڵاتی پێداوە ببێتە نوێنەری خۆی لەسەر زەوی بەڵام ژن لەسەر وێنەی خوا دروست نەکراوەو بەڵکو لە پێناوی (ئادەم)دا دروست بووە، ئەم جۆرە چیرۆکانە کاریگەری لەسەر نامەکان وخەڵک دروست کردبوو، ببووە هۆی نەک تەنها پاشەکشەی دەسەڵاتی ژن، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ببێتەوە، بە ڕادەیەک لە ڕۆما کە خەڵوەتگەی چەندین خواوەندی ژن بوو، مێینە ببووە فاکتەری بازرگانی کردن و هەتا سەردەمی ناپلیۆنیش شووکردن لە فرۆشتن جیا نەدەکرایەوەو جۆرێک بوو لە فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردن، تەنانەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا ژن کە شووی دەکرد ئیتر لە دەستوورو یاسادا دەمردو هیچ شوناسێکی یاسای نەدەماو بۆی نەبوو شوێن و جێگای خۆی هەڵبژێری و ئەو پارەو موڵکەی هەیبوو بەڕێوەبەری و مامەڵەی پێوە بکات، چونکە بە هاوسەرێتی ژن و پیاو هەردووکیان لە چاوی یاسادا دەبوون بە یەک و ئەویەکەش دەدرایە پیاو نەک بە ژن، کە دەسەڵاتی تەنانەت خودی ژنەکەش لە بۆتەی دەسەڵاتی پیاودا دەتوایەوە، لە ڕووی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشەوە، پاش هەرەسهێنانی مێژوو دەسەڵاتی ژن و سەرهەڵدانی هەژموونی باڵادەستی سستمی باوک سالاری هیچ ژنێک نەچووە ئاستی دەسەڵاتی بەرز، هەتا بۆ یەکەم جار خاتوو (کۆلۆنتای) بوو بە یەکەم وەزیری ژن لە جیهانداو هەتا ساڵی 1918 لە پۆستەکەدا ماوەتەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین بارودۆخی ژنی کوردیش، لە ژنانی جیهان باشتر نەبووەو بگرە زیاتریش بێبەش بوون لە پرۆسەی دەسەڵاتدا، دەنا مێژووی کورد سەدان ژنە شۆڕشگێڕو خاوەن هەڵوێست و ڕۆشنبیرو داناو خوێندەواری لەخۆگرتوە وەکو (خاتوو شاناز، فاتمە کوردی، عیسمەت ئەیوبی، ست العراق، مۆسسە خاتون، عزراء خاتوون، عادیلە خانم، زمردە ملکە، فاتمە خانی قەرە چێواری، زەهرە، (ربیعە و ست الشام) ی خوشکی سەلاح الدینی ی ئەیوبی، شاە خاتوون، ولیە خانم ئەردەڵانی، غازیە خاتوون، فاتمە خانی ڕەواندزی، عسمت قازی محەمەد، خانزاد، کچە نەغەدەیی، عایشە تەیمور، حەیران خانی نەخچەوانی، ئامینە خانی بارام بەگ، نسیب خاتوون، خاتوو خورشید ئەیعا، فاتمە هەکاری، ئاتە خان، فاتمە ئەیوبی، حەلیمە، سری خامی دیاربەکری، حەپسەخانی نەقیب، پیرۆز کچی شاعیر کورد حەسەن کەتۆش، (لیلی و ڕەوشەن و بەدنهانم، برا حلیم و مەهانێرگز، دکتۆری زەری یوسب، میهرەبان بەرواری و ستیتەو مەستورەی کوردستانی و.. تاد کە ژمارەیەکی کەمی ئەو ژمارە زۆرانەی ژنی کورد بوون کە سەکۆی زانست و چاکساز ی و ڕاوێژکردنی پیاوان و دروستکردنی قوتابخانەیان لە چەند شوێن و وڵاتی جیاوازدا گرتبووە دەست. کەچی وەکو حوکمڕانی کردن ودەسەڵاتی فەرمانڕەوایی هەمیشە هەوڵدراوە لە پاشکۆی پیاوی عەشیرەتەکانیاندا بن و مانگی دەسەڵات تەنها لە شەوی پیاودا هەڵبێت. جگە لە خانزاد کە سەرۆکایەتی ئیمارەتی

سۆرانی کردووە، ولیە خانم ئەردەڵانی ژنی خەسرەو خانی کوڕی عمنولابووە، لە پاش مردنی مێردەکەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی گرتوەتە دەست و غازیە خاتوون فەرمانڕەوای شاری (محاە)ی کردووە، شاە خاتوون ژنی میرشمس الدین بووە، پاش کۆچی دوای میر فەرمانڕەوای ناوچەکەی کردووە هەروەها فاتمەخانی ڕەواندزی، پاش مردنی مێردەکەی ئیش و کاروباری هەشت دێی گرتووەتە دەست، کە پاشکۆی پیاو نەبوون، بەڵکو ئەمەش دەریدەخات، کە ئەو چەند ژنە کەمەش کە گەشتوون بە ناوەندی دەسەڵات و سەنتەری بڕیاردان بە تەنها لە ڕێگەی تواناو ڕۆشنبیری سەربەخۆیی خۆیانەوە نەبووە بەڵکو وەکو میراتگر جێگریی پیاوێکی کردووەو کارەکانی ئەوی گرتوەتە ئەستۆ، چونکە ئەوکاتەو ئێستاش ژنی ناودارو چاکخواز ئەوەیە گوی ڕایەل و کارەکەری پیاو بێت، چونکە لە بنەمادا بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ڕێگەی زۆرداری و کایگەری نێگەتیڤەوە بۆ سەر ئازادی تاکە کەس دەسەڵاتێکی بەدیهێنراوی چوارچێوەی خودی نێرۆدی (عوسابی)یە کە پاڵ بە هەندێکەوە دەنێت، لە میانەی ئیمپریالیەتەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تاک بدەن، کە زیاتر لە ئایدیای سەدەکانی ناوەڕاست و فیکری سیاسی نوێدا سەرچاوە دەگرن کە وەکو جۆرێک لە نەمری و بوژانەوەی( من ) ی باڵادا چوونەتە ئەو پرۆسەیەوە، هەروەها لە نێوان فەرمانڕەوا فرە خۆزگەکانیشدا بە فاکتەرێکی شیاوی هەموو ڕەفتارێکی سیاسی و مرۆڤایەتی دادەنرا. ئەمەش بە تەواوی ماهیەتی پەیوەندی نێوان سەیدو کۆیلەمان بۆ دەردەخات، کە لێرەدا سەید دەتوانی لە پێناوی ململانێ ڕەوشتیەکان و بەرژەوەندیەکانیدا سەرکێشی لە ژیاندا بکات و لەگەل خەڵکدا بکەوێتە ململانێوە ئەویش لە پێناوی کۆنترۆڵکردنیاندا، یان لە پێناوی دەستگرتن بەسەر تەختێکی شاهانەو دەسەڵاتداو، بەڵام بە تێڕوانینی فۆکۆیانە ئەو جۆرە سەرکێشیە بەردەوامانە پەیوەندی چۆنایەتی مرۆڤ لەگەل خەڵکانی تردا یان لەگەل پێکهاتە سروشتیەکەی ناگۆڕی، لەبەرئەوە ناچێتە خانەی مێژووەوە چونکە کۆیلەش نارازیە لە خۆی، ئەو نارازی بوونەش دەبێتە هۆی نائامادەیی هۆش.

ڕاستە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر وڵات و ناوچەیەک شێوازی پیادەکردنی دەسەڵاتەکان گۆڕاون، بەڵام هەمیشە میتۆدی دەسەڵات پرۆسەی کردنە دەرەوەی ژنی بۆ دەرەوەی مێژووی بەرجەستە کردووە , تەنانەت بە مێژووی دەسەڵاتی ڕابردوشیدا نەچووەتەوە کە ئایا لە سەردەمی فەمانڕەوایی ژن و دەسەڵاتداریەتیدا بە پێی ئەو سەردەم و پێکهاتەی فکری ئەو قۆناغە، چۆن کۆمەڵی بەڕێوەبردووە، ئایا ئەویش پیاوی دەچەوساندەوەو بێبەشی دەکرد لە هەموو مافەکانی؟ ئایا ئەو کاتە پیاو لە دەسەڵاتی میراتگری بێبەش دەکرا؟ ئایا کە دەسەڵاتی درایەو فەرماندڕەوایی کرد پرسی پێکرا یان بەهێزو توانای خۆی بە دەستی هێنا؟ ئەی کە هێڵی گەڕانەوەی بۆ دانراو دەسەڵاتی لێسەندرایەوە پرسی پێکرا؟ سەبارەت بەو کێبڕکییەی دەسەڵاتە، فۆکۆیاما دەچێتە ئاستێکی بەرفراوانتری پرسیارکردنەوەو دەفکری ئایا کەس بیری لەوە کردووەتەوە، پەیوەندی ڕەگەزو دەمارگیری و دوژمنکاری کە باڵی کێشاوە بەسەر سیاسەتی جیهاندا چییە؟ واتا پەیوەندی نێرومی و سروشتی پەیوەندی نێوان وڵاتان و گەلان؟ هەروەها ئاخۆ ئەگەر ژن دەستبگرێت بەسەر دەسەڵاتی جیهاندا دەبێتە هۆی بەرقەراربوونی ئاشتی و برایەتی و هاوکاری لە شوێنی ئەو کێبرکی؟ ئەمانەشی دواجار یەکلاکردووەتەوە بە باڵابوونی بەها سەرمایەدارییە هاوچەرخەکان و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و شکستی تەواوی ئایدەلوژیا گشتگیرەکان، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە

کە لەم سەد ساڵەی دواییدا سیاسەتی جیهان هێدی هێدی هەنگاوی بەرەو ئاکاری بە مێینە کردن هەڵهێناوە.

ئەوانەی هەموو پرسیارو بۆچوونی دروستن، ئاشکراشە پێشکەوتنی سەردەم لە ڕوانگەی بەرەو ئازادی بردنی ژنانەوە دەبێت، جێگیرکردنی دەسەلاتی ژنیش بنەمایەکی گشتییە بۆ هەموو ئەو گۆڕانکاریانە کەچی لەگەل ئەوەشدا گۆڕانکاریە ئابووری و ڕامیارییەکانی سستمی نوێی جیهان و گۆرانی یاساو یاسادانانیش نەبووە هۆی دروستبوونی چانسێکی ژنانە لە بەشداربوونی بڕیاری سیاسیدا. هەتا ئێستاش ئەو ژنانەی لەناو ناوەندەکانی یاسادانان و دەسەلاتداو کۆڕو کۆمەڵدا کاردەکەن ڕێژەیان تەنها دەگاتە (10%) ئەمە لە کاتێکدا نیو سەدە زیاترە ئەو بەندەی مافی مرۆڤ جێگیر بوە کە لە بەندی (20-ڕ)دا هاتووە "هەموو کەسێک ئەو مافەی هەیە کە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵاتەکەیدا بەشداری بکات، ئیتر بە شێوە ڕاستەوخۆ بێت یان بە هۆی نوێنەرەوە (ناڕاستەوخۆ) کە ئازادانە هەڵدەبژێرێت ئەوەی لەو بەندەدا هاتووە هەرگیز لە ژیانی ژناندا پراکتیزە نەکراوە، چونکە ژنانی کورد ئەگەر گەیشتبن بە ناوەندی بڕیار زیاتر وەکو دیاردەیەکی بۆماوەیی و خاترجەم کردنی پیاوانێکی سیاسی نزیکیان ئەو شوێنەی پێڕەوابینراو. نەک بە هەڵبژاردن و مافێکی دادپەروەرانە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچونە دژەیە کە پێیان وایە کاری سیاسی کارێکی نێرانەی قورسەو زیاتر ئەو کارانە لە ناوەڕۆکدا ناسگەری لەخۆ دەگرن شیاون بۆ ژن و دەسەلات دەبێ بە دەستی پیاو بێت هەر بە بچوکترین پێکهاتەی کۆمەلایەتیەوە کە خێزانە هەتا دەسەلاتی فەرمانڕەوایەتی ئەمەش بۆچوونی دەسەلاتدارە کلاسیکیەکانە، چونکە پێیان وایە کاری دەسەلات هەمیشە کوشتنی و سزادانی ئەوانەی تێدایە کە لەگەل بۆچوون و فەرمانەکانی ئەواندا ناتەبان. ئەوەش سروشتی مێینە نییەو سروشتی تێکۆشانی پیاوانەیە کە سیمون دی بۆڤوار دەمێکە درکی بەو حەقیقەتە کردووەو دەڵی لاوازی ژن بۆ ئەو هۆ زکماکییانە ناگەڕێتەوە کە لە سروشتدا هەیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە گشتیەی کە کۆمەل لە سەرەتای منداڵیەوە تا دوارۆژی ژیانی بەسەریدا دەسەپێنی. هەڵبەت ئەو بۆچوونەش لەو جۆرە کۆمەڵگایانەوە سەرهەڵدەدەن کە هۆشیاریان لە ئاستێکی نزمدایە، دیموکراسی بە ڕادەیەکی کەم بەرقەرارەو لە پێناوی پارێزگاری کردن لە دەسەلاتەکە ڕێگە ی ڕەهابوون پێشکەوتن دەگرن و یاسا هیچ نرخ و بایەخێکی نامێنێ و قەرەبوودەری ئەم حاڵەتەش بە پلەی یەکەم ژنە، بە تایبەت لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا کە فەراهەمهێنەری عەقڵی تەقلیدی و دەسەلاتی تەقلیدیە ئەمەش وایکردووە عەقلانییەتی سیاسی مۆدێرن وەکو ڕەعیەت و ملکەچی دەوڵەت تاکەکانی لەگەل ماف و ئەرکەکانیدا بخولقێنێ، بەم پێیەش لەگەل ئایدیای تاکگەراییدا مۆدێرنیتە زیندانیشی دروستکرد، هەروەک فۆکۆ ئاماژەی بۆ کردووە، لە شیکردنەوەی دەسەلاتدا سێ چەمکی جیاوازی بەکارهێناوە ئەوانیش پرۆگرام و ستراتیژو تەکنەلۆژیایەو هەمیشە دژی ئەوە بووە دەسەلات ونێگەتیڤیەت بخرێتە یەک بۆتەوەو یەکسان بکرێن، هەروەکو چۆن لەگەل ئەوەدا نەبوو کە دەسەلات ماهیەتێکەو کەسێک دێت دەستی بەسەردا دەگرێت، ئەمەش بە تەواوی بەسەر ماهیەتی ژنی کوردا پەراکتیک دەبێ، کە گاگۆلکێ کردنی دەسەلات لە باوەشی ئەوەوە دەستی پێکردووە، بە پێگرتنیشی ڕەگەزێکی تر هاتووە وەکو کۆمپانیایەکی بەڵێندەر داگیری کردووەو موڵکێتی گواستوەتەوە بۆ خۆی و دەسەلاتی سنوردار کردووە.

ئەسپینۆزاش دەسەڵات بە مەبدەئی بوون لە قەڵەم دەدات و پێی وایە دەسەڵات ماهیەتی بوونە. ئەمەش باوەری ژن , وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە دەبات هەتا بە تەواوی مەرگی باوەڕو ماهیەتی ڕادەگەیەنی، چونکە باوەڕو ماهیەت ئەو سەرچاوەیە کە مرۆڤ بەرەو متمانە بەخۆبوون و ئازادبوون دەبات، بەڵام ژن ئەوانەشیان دەسەڵاتداران و دیسان دەسەڵاتی نێوان سەیدو کۆیلەیەو دەسەڵاتێکی بۆماوەیی و دیماگۆکیە چونکە ژن ئەوانەشیان دەگەن بە مەڵبەندەکانی بڕیاردان، هیچ شتێکی بنەڕەتی ناگۆڕن. بەڵکو جێبەجێکەری ئەو سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە دەبن کە هەیەو بۆی داڕێژراوە، هەندێ جار لە پێناو مانەوەی خۆشیاندا لەوان توندوتیژترو چەوسێنەرتر ڕەفتار دەکەن بەوپێیەش دەبن بە جێبەجێکاری مەبدەئی سەرو خۆیان، نەک مەبدەئی کەسی خۆیان، لەو بارەشدا واتە بێ مەبدەئی بوون، پۆشینی بەرگی کۆیلەییە، کە سەرجەم کوردو ژنیش بە تایبەتی پۆشیویەتی، گەواهیدەری ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کە هەتا ئێستا نە شۆڕشێ بووە بە فێرگەیەک کە کۆمەڵگای لە خانەی نێگەتیڤەوە بەرێ بۆ پۆزەتیڤی و نە ژنیش توانیویەتی لە دەرئەنجامی ئەو هەموو کاردانەوە جۆربەجۆرو زکماک بوونی خودو بۆشایی فیکریە بە مافەکانی خۆی بگات ئەمەش شەرعیەتی لەرزۆکی زیادکردووە، ئەو کاتانەش کێشەی ژن بۆ ماوەیەک شەن دەکری و باڵادەکری، کاتەکانی تەنگەژەی نەتەوەیی و دژواری باری سیاسیە، نەک کاتە ئاساییەکان ئەو پرسیارەی کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاقاری ناکەوین، ئەوەیە بۆچی کاتێک تەنگەژەو دواکەوتن دەبنە خەسڵەتێکی فکری و کۆمەڵایەتی واقیعی، کێشەی ژنان وەکو کێشەیەکی سەرەکی و بەرچاو قوت دەکرێتەوە؟ کاتێکیش تەنگەژە پەردە لەسەر هۆش و کەلتووری خەڵکدا دەداتەوە، یەکەم کاریگەرییەکەی لەسەر ڕۆح و جەستەو عەقڵی ژنان ڕەنگ دەداتەوە، ئەمە ئەو دوو پرسیارەیە کە (نەسر حامد ئەبو زید) کردوویەتی، ئاشکرایە ئایین و یاساو دەسەڵات لە هەموو شت زیاتر ژنی چەوساندۆتەوە، پرسیارەکانی ئەبو زەیدیش زیاتر گروپە ئیسلامییەکان دەپێکێ کە کاتێ گوتارێکی دینی لەگەل ژنێکدا کەوتبێتە ناکۆکی و ململانێوە جارێک پێیان دەڵێ ئەوانە شورەیین و دەبێ داپۆشرێن و جارێک دەڵێ ئەوانە گەوهەرێکی بەنرخن و دەبێ لە دەست چاوی دزان بپارێزرێن، دەرئەنجامی کۆتایی هەردوو گوتارەکەش هەریەک شتە، کە پێیان وایە بەشداربوونی دەبێتە بەربەست لە بەردەم ئەو گوتارانەی کە لە گوتاری سەردەمە تاریکەکانەوە ماونەتەوەو، بەڵام با لە خۆمان بپرسین بە تەنها ئایدەلوژیا ئاینییەکان ژنیان چەوساندوەتەوە یان ئایدەلوژیای ئاینی بە ڕادەی یەکەم و پاشانیش هەموو ئایدەلوژیا سەراپاگیریەکان و هەتا ئێستاش هیچ ئایدەلوژیاو فەلسەفەو گوونارێک نەیتوانیوە دەسەڵاتی بە مرۆڤ بوونی ژن بە شێوەیەکی ئاسایی دەستەبەر بکات، ئەو دوو فاقیەتەش لەگەل سەرجەم ئایدەلوژیاکاندا یەکانگیر دەبێت و هەمان پرۆسە دووبارە دەکاتەوە، وەکو ئەوەی بە ژنان دەگوتری نیوەی کۆمەڵن پێویستە جیاوازی ڕەگەزی نەمێنێ و هەموو مافی خۆی بدرێتێ، لە پەراکتیزە کردنیشدا ژن خاوەنی هیچ مافێک نییەو ناتوانێ بچێتە ناوەندی دەسەڵاتەوەو بە سروشتی نێری دەزانن، واتە ئەم فایرۆسە زۆرینەی ئایدیا مۆدێرنیتەکانیشی گرتووەتەوە، کە لە ڕووی مافی ژن بدەن و لە بنەمادا بە دواکەوتوی بهێڵێنەوە، ئەگەر لە لوتکەی دەسەڵاتێشدا بێت، هەست بە پلە دووی خۆی بکات، هەر ئەمەش وای لە بەنازیر بۆتۆ کە یەکەمین ژنە سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی موسڵمان نشین بکات لەگەل ئەوەشدا بڵێ ژن تەنانەت ئەگەر لە لوتکەی شانازی و دەسەڵاتیشدا بێت، ئەوا هەر ڕووبەڕووی چەوسانەوەی ڕەگەزی دەبێتەوە، بۆ نموونە مارگرێت تاتچەر کە ناویی "تەنیا پیاوەکەی حکومەتی لینرابوو" بە ڕای من ئەمە سوکایەتی پێکردنێکی

ناشیرینه بە شوێنی و دەسەڵاتی ژن و دەمارگیرییەکی کوێرانەی هەستی پیاوانەیە بەرامبەر ژنان، بێگومان هەستی کوێرانەی ژنیشە بەرامبەر بە خودی خۆیان کە هەمیشە درەختێکی بچووکی ژێر سایەی چەوسێنەرانێتی و نرخی کارەکانی بە مێیەتی ناپارێزێ، تەنانەت دەگات بەوەی ماهیەت و مەبدەئی بوونی خۆیان لە گۆڕانەکانی کۆمەل نزیک بنەوە، بەڵکو بە جێبەجێکارو لاساییکردنەوەی پیاو هەر لە مامەڵەکردن و تەنانەت پۆشین و زۆرینەی ئاکارەکانی تری بە ڕادەیەک سێبەری دەسەڵاتی پیاو سالاری لێ جیانابێتەوە، ئەمەش بە جێهێشتنی کرداری خودی و چوونە ژێر کاریگەری کرداری دەرەکی دەگرێتەوە، کە دەبێ بە هۆی ملکەچ بوون و ئازارو چەشنێکی ماسۆشیانەو لاوازبوونی ڕۆحی بەرگری، کە پێویستە ژنان ئەوە بزانن هەر کاتی گریمانەی بەرگری نەبوو لەو شوێنەدا دەسەڵاتیش نییەو فەراهەم نابێت، هەر لێرەوەیە "ئەسپینواز دەڵێ "توانای ئێمە بۆ ئازار چەشتن، جەخت لەسەر هیچ ناکات" چونکە گوزارشت لە هیچ ناکات، تەنها لاوازی خۆمان نەبێت، واتە کەمترین ڕێژەی دەسەڵات لە ناوەندی کاردا" کەواتە گرنگترین خاڵی وەچەرخانی ژن ئەوەیە لەژێر سایەی دەسەڵاتە دەرەکیەکان بێتە دەری و دەسەڵاتی سەربەخۆو مەبدەئی سەربەخۆی هەبێ، دەنا هیچ ئیزافەیەک ناکاتە سەر ئەوەی بە دەستی هێناوە بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەش لە دەست دەدات، چونکە لە ئێستادا کۆیلەی فکرو دەسەلاتی پیاوەو وەکو ئامێرێکی جێبەجێکردن بڕیارەکانی ئەو جێبەجێ دەکات، ئەوساش دەبێتە کۆیلەی غەم کە ئەسپێنواز لەم ڕووەشەوە دژی غەمە لای ئەو غەم بە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتە. هەڵبەت غەم یەکێکە لە سیماکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆیلە، ئەم جۆرە پەیوەندیەش دەبێ بە هۆی دژایەتی و دەمارگیری لە نێوان هەردوو ڕەگەزداو هەوڵدان بۆ دەرخستنی مەعریفەی ساختەو یەک خەڵەتاندن، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئامانجەیە کە بەشداربوونی سیاسیانەی ژنەو گەیشتنی بە سەنتەری بڕیاردان دەهێنێتە دی.

* ئەم وتارە لە گۆڤاری نڤار ژمارە .8 بلاوبۆتەوە.

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە


1-یوم كان الرب أنثى- مارلين ستون- و. حنا عبود.
2-نهاية التأريخ- فرانسيس فؤكوياما.
3-النص، السلطة، الحقيقة، نصر حامد أبو الزيد.
4-ميشيل فوكو- مسيرة فلسفية- ترجمة جورج ابى صالح.
5-**اپينوزا- د. فؤاد ژكريا**. سەرچاوەکان:
6-ئافرةتة ناودارةكانى كورد- عبدالجبار محمد الجبارى.
7-المرأة عبر التأريخ.
8-الجنس المقدس.